# ڕۆژێک دادێ
# تۆ دەبیتە
# شۆڕەبی

NÛSYAR

www.nusyar.com
له زنجیره بڵاوکراوەکانی کتێبی نووسیار
زنجیرەی کتێب (٤٤)
خەرمانەی نووسیار بۆ شیعر (١٩)

One Day You Will Become a Willow
*by* Nazand Begikhani
Copyright © 2023 Nazand Begikhani
Copyright © 2023 **Nûsyar Books**.
ISBN: 978-87-93854-44-4

ڕۆژێک دادێ تۆ دەبیتە شۆڕەبی
نەزەند بەگیخانی
وەشانی نووسیار©
چاپی یەکەم ٢٠٢٣

هێڵکارییەکان:
قەرەنی جەمیل و ڕێبوار سەعید
بەرگ: زاری
نەخشەسازیی ناوەوە: ئاسۆ مامزادە
ڕێنووس و هەڵەبڕی: نووسیار
نرخ: ٥٠٠٠ دینار

مافی نووسینەوە و لەبەرگرتنەوە
وەشانی نووسیار ـ دانیمارک

هەموو مافەکان پارێزراون. بە بێ ڕەزامەندیی نووسەر و وەشانی نووسیار، هیچ کەسێک مافی لەچاپدانەوەی ئەم کتێبەی نییە. تەنانەت هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە ئەم بەرهەمە یان بەشێکی بە شێوەی ئەلیکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی، یان هەرشێوەیەکی دیکەی لەبەرگرتنەوە بە کار بهێنێت.

# ڕۆژێک دادێ تۆ دەبیتە شۆڕەبی

نەزەند بەگیخانی

NÛSYAR

شیعر

# چڵەکانی شۆڕەبی


عیشق • ١١
لێکترازان • ١٩
سروودی سروودەکان • ٣٣
پێگەیشتن • ٤٩
من ئەویترە • ٦١
جەنگەکان درێژن • ٨٥
مەرگ • ١٠٧
تاک-بوون لە کۆ-دا • ١٢٩

# میرات

**پێشکەشە**
**بە ئاواز**
**ئینجا بە تۆ**

هەر وشەیەکی نووسیومە
هەر چالاکییەکی نواندوومە
هەر توێژینەوەیەک
هەر وانەیەک
هەر خۆپیشاندانێک
هەر شیعرێک
شۆڕشی منی ژن بووە بۆ
ئ ا ز ا د ی

بۆ فەراهەمکردنی سەرزەمینێک
کە ژن تێیدا مرۆڤ و
مرۆڤ خۆی و
پێکەوەژیانیش ئارامی


ئەمە میراتی شەرعیی منە
بۆ تۆ، بۆ ئێوە
بۆ ئەوانەی دواتر دێن و
ئەلف و بێی یاخیبوون
هی کەوتن و زەرووڕەتی هەڵسانەوە
لەسەر ڕووی ئەم خاکە ماندووە هەڵدەکەنن

# عيشق

# مێرگی وشە

وشە جۆگەیە
بەرەو تۆ ڕێ دەکا
بەسەر زیخ و بەردی نەوتن-دا سەردەکا
لە نێوان ئێمە
واڵا دەکا دەرگا

دەرگایەک بۆ بینین
یەکێ بۆ بیستن
دەرگایەک بۆ گومان
یەکێ بۆ شاگەشکەبوون
لە کێلونی بزەیەکەوە
کە قووڵاییەکان دەهەژێنێ
دەبینە ڕووبار و شەپۆڵ دەدەین
قەڵشی کەستەکی کەنارەکان



دەخۆنەوە ئاوی ژیان
مێرگێ لە وشە شین دەبێ
جوانی دەپشکوێ
ئاوەدان دەبێ
چۆڵایی بوون
پڕ دەبێ لە پیت ئاسمان
لەگەڵ نەسیمی بڕگە
پۆلێ فاریزە و خاڵ و نیشانەی سەرسوڕمان
سەما دەکەن لەبەر پەنجەرەی تێڕامان


لەم زەمینە پرتەقاڵییە

کە بە کازێوەی دێرێک چاو دەکاتەوە

سوجدە دەبا

لەسەر گردی

بۆ یەکەمین



یەکەمین ڕووانین لە ڕوخساری تۆ فوارە دەکا
ئینجا لەسەر پردی شیعرێ
پێک دەگەن هەردوو کەناری وشکهەڵاتووی ئێمە
من دەپەڕمەوە بەرەو تۆ
تۆ بەرەو من
لە فەزای ژێر دەستەکانمان
زەمەن زاهیرانە ڕێ دەکا

# گزینگی ڕێحانێ[1]

لە سووچێکی شەودا
ژنێک ژان دەیگرێ
شار غەرقی هاوار دەبێ

ئەستێرەکان وەنەوز دەدەن
بن سکی خۆر پێچی پێ دادێ
هێڵی نێوان ئاسمان و زەوی بە ئاستەم دەردەکەوێ
ڕەنگێکی زەردی پرتەقاڵیی
لەسەر باڵی پەڵە هەورەکان دەنیشێ
ویڵاشی تاریکی لە ناخی شەو دەبێتەوە

---

١ـ ڕێحان ناوی دایکمە یادی بەخێر و ڕۆحی ئارام. گزینگیش نازناوی منە کە دایکم و باوکم بەکاریان هێناوە و لە ناو خێزانەکەم هەر بەو ناوە بانگم دەکەن.

تاڤگەیەک تیشک

بەسەر ڕوخساری ڕێحاندا دەبارێ

لە ناکاو گریان

کچێک لە دایک دەبێ

ناوی دەنێن گزینگی ڕێحانێ



# لـه خەونمدا لەگەڵ یار سەمام دەکرد



ڕۆژێک دادێ
تۆ دەبیتە شۆڕەبی
لە کەنارەکانی من دەڕوێی
چڵی ئارەزووت
شۆڕ دەبێتەوە ناو ئاوی شینی من
بەناو چۆڵاییەکانی
جەستەی نیشتماندا دەڕژێین
دەبینە دەریا و
شەپۆڵ دەدەین
سەما دەکەن یاران
لەسەر پلاژی[٢] شینابیمان

---

٢ـ پلاژ: کەناری پان و بەرینی دەریا کە بە وردە لمی نەرم داپۆشراوە و لە کاتی گەرمادا خەڵک رووی تێدەکەن و خۆیان دەدەنە بەر تیشکی خۆر.

# لێکترازان

# جیابوونەوە

لە سووچێکی نیشتمان
دەستم لەسەر دڵمە
سەر بە دیواری ڕەشبینیدا دەکەم
فاتیحایەک دەخوێنم
بۆ ڕۆحی ئەو منداڵەی
کە هێشتا لە دایک نەبووە



# وەرزی خراپە

منداڵێکمان دروست کرد، هاوڕێم
فرانکنشتاین
تەنێک چنراو لە پارچە گۆشتی مردووان
لە ڕەحمی ئارەزوویەکی کیمیایی
لەسەر دەستی تاریکیی مامانێک
لە دایکبوو
نەفرەتی کرد لە هێزی خولقێنەر
لەو حەزە نەرگسییەی کە نەیتوانی دڕندەییماڵی بکا
نە تۆ نە من
نە ئەو وزە کیمیاییە
نەمانتوانی پێشبینی وەرزێک بکەین
ئاوس بە تاریکی
وەرزێک گوڵی رەش دەردەکا
خولقێنەر و خولقاو


دەستمان تێکەڵ کرد و بووین
بە سەرەتای وەرزی خراپە

ئەو منداڵ بوو
تەنێک بوو بە دوای خۆیدا دەگەڕا
تووڕە، پێست داچۆڕاو
دەهاتە بەر پەنجەرەی شەو
لە حەسرەت چۆڕێ سۆز و
تینوویەتیی بۆ یاوەرێ
تریفەی دەکردە چەقۆ
خوێنی لەبەر دەڕۆیی مانگ

چی لەم تیغبارانە ڕزگارمان دەکا، هاوڕێم؟
ئەو ئێستاش لە من و تۆدا بوونی بەرجەستە دەکا
لەناو لۆچی دڕندەیی داوای دۆستێ دەکا
تا ناشیرینیی جوان بکا
ئەو جانەوەرە داوای پێکەوەیی دەکا
داوای ئاشنابوون
بە من، بە تۆ
داوای خۆڕاهێنان بە ڕەگەزی مرۆڤ دەکا
ئێمەش بێباکانە تووڕ هەڵمان دا
بێهوودە بەرامبەر بەو دەسەڵاتە کیمیاییە
بیرمان چووەوە

که لە بەهاری خراپە
درەختەکان دەبن بە دێوەزمە
پەڕە گوڵەکان ئاوس دەبن بە حەزی لەناوبردن
ڕێگاکان بزمارڕێژ
ئیدی چیتر ناتوانین بە ئارامی پیاسە بکەین
قورس قورس بەرەو تەوەری باکوور هەنگاو دەنێین
وا دەزانین لە بەستەڵەکی دووریدا
ئاگایی چاو لێک دەنێ و
بێ ئاگا دەبێ
ساڵ لە وەرزی خراپە دادەبڕێ
باخچە لە چڵی دڕندەیی ئازاد دەبێ
وا دەزانین پاک دەبینەوە لەم وزە ئاسنینە


که ئارەزووی کیمیایی مرۆڤی گۆڕی بۆ دێوەزمەیەک
هەموومانی کرد بە جانەوەر
بە فرانکنشتاین
ئەو، من، تۆ
ئێمە بووین بە ناحەز
بووین بە فرانکنشتاین-ی یەکتری، هاوڕێم



# خێو و عیشق

خێوێک لە ئامێزمان دەگرێ
دێوەزمەیەک دێتە گۆ
حەزێکی ناحەز لە ناخدا
شەپۆڵ دەدا

لەسەر زەمینێکی شین
دەستەمۆی هەستێک بووین
سۆزێک وەک درۆ
خیانەت لە تەنیاییمان دەکا
فریو دەخۆین



له جۆشێکدا مەنگمان خواردووە
وەک تەونی جاڵجاڵۆکە
بە دەوری دۆخێکدا دەسوڕێینەوە
مێشوولە تێمان دەئاڵێن
گیزە گیزی تەنێک
کێشمان دەکا
بۆ باوەشی خێو و
ئاوێزانی وڕێنەیەک وەک عیشق
حەیران و داغان
وا دەزانین فەنتازیایە ئەم کێشکردنە
ئەم داچۆڕانە بەرەو تۆ

کاتێ خۆڵ هەڵدەکا
لە سوڕێکی ڕەشبەڵەک ئاسا
خۆمان گڕمۆڵە دەکەین
ترسێک وەک ڕەشەبا
لوولمان دەدا

وەک هەورە تریشقە

ئاسمانمان لەت دەکا

بەسەر بیرێکدا واڵا دەبێ دەرگا

هەموومان بە گوریسی خەیاڵێک وەک مس

خۆ هەڵدەواسین

ترس هەڵدەکا

بەسەرماندا

فڕکە فڕکی باڵندەیەکی ئاگریی

جووڵەمان کپ دەکا

هەناسەمان سوار دەبێ

بۆنی ڕق

بۆنی ئیرەیی

بۆنی بەدبینی

تینی دیرۆکێ لە کەوتن

ئینجا جەستە گرژ دەبێ

ڕۆح گەمارۆ دەدرێ



چواردەورمان دیواری مارڕێژە، هاوڕێم
ماری ڕەشی قۆچدار
چزوو دەردەهێنن و
گیڤڤەیان دێ
سوڕی دژوار دەخۆن
دوو ماری قۆچدار
لەسەر کلکیان دێنە سەما
ئێمە فریو دەخۆین
ژەهر لە نیگاماندا
وەک بورکان فوارە دەکا
لە بەهارێکدا
وەک گوڵی خراپە
سەرتاپا
دەبین بە چرۆی داغان
ئای حەزرەتی مەریەم
دڵم لای تۆیە

تۆ چۆن توانیت
ئەو مارانە هێور بکەیتەوە و
بە سکێک لە کوڕی خودا
خاچێک دابڕێژی
هەموومان خۆمانی پێوە هەڵواسین؟
ئەوەتا ئێستاش دەستێکمان لەسەر سینگە
ئەویدیمان لە خاچ گیرکردووە
لە ترسی بیر-ی ژێر پێمان
کە وەک مەنجەڵی جادووگەران قوڵپ دەدا
وەک دووپشک چزوو درێژ دەکا
نامانەوێ دەستبەردار بین
نامانەوێ لەو درۆیە دەرچین
کە خیانەت لە تەنیایی دەکا

نامانەوێ بێینە سەر خاکی شینی یەقین
شین بگێڕین
لەناو شینایی ڕۆحێکی نامۆدا
ئێمە چاو دادەخەین
چاو دادەخەین
لە ئاستی خود-ێک کە وەک تۆو
وەک گەردێک لەم بۆشاییە
لەم وەرزی خراپەیە
بەدەم بایەکی سوور
دێت و دەچێ
ئیتر ڕۆژێک دەکەوین، هاوڕێم
لەوانەیە لەناو خۆڵ ببینە هێمایەکی سپی
دەشێ بڕوێین و ببینە درەختێکی ڕەش

یا گوڵێکی دڕکدار
مارەکان پێمان هەڵدەگەڕێن و
گیڤڤەیان دێ
ئێمەش لە دەورماندا شتێک دادەڕێژین
لەوانەیە ناوی مانا بێ
یا فریودان وەک عیشق
دەستێکمان لەسەر سینگ و
ئەویدیمان لە کەمەری خاچێ گیرکردووە
درۆیەک
کە چیرۆکی ئێمەیە
هی تۆیە ئەی هاوڕێی بێگانە



# سروودی سروودەکان




**هاودەمی من سۆلۆمۆن[٣]**
**ئەگەر تۆ لە دەسەڵاتزاڵی بەردەوام بیت و منیش**
**لە کۆیلەبوونی خۆم، ئەوە هەرگیز**
**عیشق چرۆ ناکا**

---

٣ ـ لە سروودی سروەدەکانی تەوراتەوە وەرگیراوە. سۆلۆمۆن ئاماژەیە بۆ پادشا و پاتریارک و کەسایەتیی سەرەکیی سروودەکان

## ١

تۆ
ئەی ئەو کەسەی لە پانتایی ناخمدا
هەناسە دەدەیت
پێم بڵێ
بۆ لەناو تینی ئارەزووت
لە جیاتی گەرمبوونەوە
من دەبمە بەستەڵەک؟



## ٢



دڵەڕاوکێ دەمگرێ
کاتێ بە پەلەقاژێ
دەستم دەگرێ
بەرەو دەرباری شاهانەی

پێی دەڵێم
سەرت داخە
سەرەتا وشە
ئینجا دەنگ
کەی دڵم مۆسیقای تۆی بیست و
هەڵکشا
کەی جەستەی هەردووکمان بانگی
ئاوێتەبوونی دا
ئینجا پێکەوە دەڕۆین
من دەتبەمە دەرباری خۆم، سۆلۆمۆن



### ٣

نا

نەخێر

نەء

زۆری ویست تا تێگەیشت

هەریەک لەم وشانە

ڕستەیەکە بۆ خۆی

دەبێ لێی تێ بگەی

ئەی هاودەمی من

سۆلۆمۆن


٤



له نیشتمانی ئێمە، سۆلۆمۆن
کچەکان زمانی ئازار دەزانن
ئەلف و بێی برینیان لەبەرە
لە دایکەکانەوە بۆیان ماوەتەوە

## ئەلف و بێی ئازار

## ٥




کچەکەم
سەیری ڕوخسارت دەکەم
وەک بەیبوون شکۆفە دەکا
سەیری نیگات دەکەم
وەک ئەستێرە دادەگیرسێ
سەیری باڵات دەکەم
وەک هەور سەما دەکا
تۆ دادەباری
وەک گەوهەری گەردوون
بوون و نەبوونی ئێمە دەنووسیتەوە


سۆلۆمۆن لەوێ بوو کە وام وت

## ٦

بەناوی خودا
ئارەزووت دەکا، کچە بچکۆلەکە
باڵاپۆشت دەکا
دەتشارێتەوە
دیلت دەکا
تۆ لە دڵەوە دەگری
لە ناکاو گڕ دەگری
لەپڕ ڕۆژێ، کچەکەم
پەنجەکانت گوڵ دەگرن
تۆ دەبیت بە گوڵستان



## ٧



کچە بچکۆلەکە
تۆ توخمی گەردوونیت
هەیت
وەک درەخت، وەک ئەستێرە
وەک هەناسە
وەک ئاسمان
وەک ئاو
وا بە ئاسانی مەڕۆ
مەچۆرە دەرباری سۆلۆمۆن، کچەکەم
تۆ زیاتری لە جوانی


## ٨

کچە بچکۆلەکە
کە سۆلۆمۆن دەڵێ
تۆ جوانترین کچی ژیانی ئەوی
بیر لەوانە بکەوە
کە ئەو پێش تۆ ماچی کردوون
هەناسەی بەناوی گوڵاو
بەسەردا پژاندوون و
هەمان شتی پێ وتوون
ئەو دەیەوێ تۆ دابڕێی
خۆت بە ئەوان بپێوی
لێک بترازێی
خۆت بە گەورەتر بزانی



بیرت نەچێ، کچەکەم
تۆ توخمی گەردوونیت
وەک ئەستێرە، وەک درەخت
وەک هەناسە
وەک ئاسمان
وەک ئاو
تۆ هەیت
ئەوانیش وەک تۆ
کچەکان زیاترن لە جوانی

## ٩



کچە بچکۆلەکە

کە سۆلۆمۆن دەڵێ

خوێنی تۆ پیسە

دەستاوت تاڵە

مەچۆرە دەرباری ئەو

پێی بڵێ

کاتێ لەناو چەقی ڕانەکانم

پیاوەتی هەڵدەڕێژی

سروودی سروودەکان

سروودی عیشق دەچڕی

بۆ ژن دەبێ بە پەرستگا؟

مەچۆرە دەرباری ئەو، کچەکەم

پێی بڵێ

ئەوە وزەی بایۆلۆژییە

مۆڵگەی پیسی نییە

سوڕی گەردوونە

خوێنی ژنایەتی، ژینە

(سوپاس بۆ ڕووپی کۆر)


١٠

کچە بچکۆلەکە
تۆ دەروونناسیت
بەڵام سۆلۆمۆن
لە وەسفی تۆدا
دەڵێ جادووگەر
تۆ لە قووڵایی نائاگایی ئەودا
خاڵێکی ڕەش ئاشکرا دەکەیت
شتێک وەک بەرجەستەیی خودا
وەک غرور
وەک تووڕەیی



تۆ لە سۆلۆمۆندا
ئاشکرای دەکەیت
کە چەند گەورەیە لەودا
هەستی بە کەمزانینی تۆ
چەند شاراوەیە
هەستی بەستەزمانیی ئەو
چەند بێپایانە
هەژموونی
سۆلۆمۆن

## ١١




هەستێک لەناو
سۆلۆمۆن
گوزەر دەکا
وەک توورەیی
هەڵدەکا
هەندێ جار وەک مار
هێرش دەکا
تۆ مەچۆرە دەرباری ئەو، کچەکەم
چراکەی ناخت هەڵکە
وەک خۆر
بە تیشکی خۆت
ڕۆشن بەوە

## ١٢



له پیاسه‌ی ڕۆژه‌کاندا، کچه‌که‌م
جار هه‌یه
ڕق باڵه‌کانی ده‌کاته‌وه
به‌ڵام تۆ مه‌هێڵه به‌سه‌رتا هه‌ڵفڕێ
ترس نووکی پێی ده‌چه‌قێنێ
چاوت تێ ده‌بڕێ
به‌ڵام تۆ مه‌هێڵه له تۆدا نیشته‌جێ بێ
خه‌مۆکی ده‌سته‌کانی هه‌ڵده‌بڕێ
ده‌یه‌وێ له باوه‌شت بگرێ
به‌ڵام تۆ به‌رده‌وام به
مه‌چۆره ئامێزی ته‌م
به شێوازی کچی خۆر
نۆته‌کانی گه‌ردوون بژه‌نه

## ١٣



هەنگاو بنێ
بەرەو دەرباری ئەو نا
بەرەو خۆت
بۆ ئەو نا
بۆ خۆت
کە پێی گەیشتی مەوەستە
بەردەوام بە
بۆ ئەوان نا بۆ خۆت

# پێگەیشتن

# وادانێ ئەمە کچێکە[٤]

سوپاس بۆ پریمۆ لێڤی و دەقە نایابەکەی «وادانێ ئەمە پیاوێکە»
لە ئینگلیزییەوە لە لایەن شاعیرەوە وەرگێڕدراوە

تۆ
ئەی ئەو کەسەی
کە بە ئازادی لە شارەکەت پیاسە دەکەی
تۆ کە دەتوانی بە زمانی دایکت گۆرانی بڵێی
لە پەرستگاکەت نوێژ بکەی
خۆت لەبەر هەتاو هەڵخەی
لە دەریا مەلە بکەی
تۆ کە دەتوانی پێبکەنی و لەگەڵ منداڵەکەت وازی بکەی
وادانێ ئەمە کچێکە
مەکتەبەکەی بۆمباران کراوە
شارەکەی داگیر کراوە
ماڵەکەی وێران کراوە
دایکی زیندەچاڵ کراوە


---

٤ ـ ئەم شیعرەم سەرەتا بە ئینگلیزی نووسیوە و بۆ ئەم دیوانە وەرم گێڕاوە. لە هەشتەمین ساڵیادی جینۆسایدی ئێزیدییەکان و لە ئێوارەیەکی شیعریش لە شاری بریستل/بریتانیا پێشکەش کراوە.

ئەویش کۆیلە و فڕێندراوە
نرخەکەی لە مەچەکی بەستراوە و
لە مەیدانی شار فرۆشراوە

وادانێ ئەمە کچێکە
ناچار کراوە تف لە ئایینی خۆی بکا و
بورقا بپۆشێ
کۆرپەی جەللادەکەی لە سکی هەڵگرێ
سەری ژێ کرێ ئەگەر بوێرێ
وشەی ‹نا› دەربڕێ

لە هەموو ئاکارێکت یادی بکەوە
لە سەرەتای ڕۆژ و
لەگەڵ خۆرنشین
یادی بکەوە



لە ئێوارەی تاری ئەنگوستەچاو و
لەژێر ئاسمانی ستارەجاڕ
یادی بکەوە
لە ڕەفتار و بیرکردنەوەت
یادی بکەوە


لە ڕۆژە پیرۆزەکان و
لە نوێژەکانت
یادی بکەوە

توند لە قووڵایی دڵ هەڵیگرە
ئەوەی بەسەر ئەودا هاتووە
دەشێ بەسەر تۆش دابێ


دەبا لە بەرامبەر بیرچوونەوە و فەرامۆشی
شەرەف لە هەمووان بنێین

# ژینابەندان

## بە یادی ژینا-مەهسا ئەمینی



وەک خەون هاتی
وەک جوانی بە سەر ڕقدا هەڵهاتی
وەک وزە هەڵچووی
بوویت بە ڕۆشنایی
بەسەر نائومێدیی
کۆڵانەکانی نیشتماندا داباری
ئەوەتا لە تاریکایی
ڕۆحمان هەڵدەسی و
بە تاڵەقژی هیوا
هەمووومان کۆ دەکەیتەوە



# من شۆڕشم؟

ئەمڕۆ نیشتمان چرۆ دەکا
من تەنورەیەکی کورت دەپۆشم
لێوم بە تۆخی سوور دەکەم
پرچم دەدەمە دەم با و
بە پیاسە تا مەیدانی شار دەڕۆم
لەگەڵ دوکاندارەکان مامەڵە دەکەم
بە دەم ڕێگاوە دۆندرمە دەخۆم
قاقا پێدەکەنم
لە چایخانەی مەچکۆ
ئاسایی
قاچ لەسەر قاچ دادەنیشم
چایەکی گەرم دوور لە چاوەکان
بە هێمنی فڕدەکەم
جگەرەیەک دەردەهێنم و

لە کوڕەکەی تەنیشتم داوای چەرخ دەکەم
ئەویش شەرم دەیگرێ
جگەرەکەم بۆ دادەگیرسێنێ
دەبینم دەستی دەلەرزێ و
لەژێر لێوەوە پێدەکەنێ

ئینجا هاوڕێکەم دەگات
پێکەوە گفتوگۆ دەربارەی
سەدساڵ تەنیایی مارکیز و
یادەوەرییەکانی خانەی مردووان - ی
داستایۆفسکی دەکەین

دەمەو ئێوارەش ڕووەو قەڵا
لە سەر شۆسەی کۆتری سەلام
دەستی دەگرم و
لەبەرامبەر هەمووان
تێر تێر ماچی دەکەم

# ژنەکان هیچیان پێک ناچن

ژنەکان هیچیان پێک ناچن
هەیانە وەک ئینجانەیەکی بەتاڵ
لەبەردەم پەنجەرەیەکی شەرمن
لە قووڵایی شەو ڕادەمێنێ و
چاوەڕێی هێمایەک دەکا
وەک بورکان هەڵسێ
تۆوێک بە ناخیدا بڕێژێ
ئینجا لە چاوەڕوانیی چەکەرەیەکدا
ڕۆژەکانی وەک دەنکە ژەنگیانە دەژمێرێ
بەڵکو لە وەهمی ژنایەتیدا
گوڵی نێر بگرێ؟
هەیانە چڵ دەردەکا
بەسەر ڕوخساری شاردا لار دەبێتەوە

له ترۆپکی منارەکان
لێشاوی کەفێکی سپی بەدی دەکا
کە بەسەر وشکایی جەستەیدا سەر دەکا
ئینجا ئەو شکۆفە دەکا
بێ ئاگا لە چڕنووکی ڕەشەبا
کە لەوانەیە شەوێ
وەک نێرەزمە
لە ڕەگەوە هەڵیکێشێ

ژنەکان هیچیان پێک ناچن
هەیانە تاک و تەرا
سەری خۆی هەڵدەگرێ
لە دوورگەیەکی تەنیا
ئاڵای ژنایەتی هەڵدەکا
لە بەریەککەوتنی شەپۆڵ و تاشەبەرددا
ئاهو ناڵەی قەیرە کچەکان دەبیسێ
کاتێ لافاوی شەهوەتێکی شین
لە ئەندێشەی کچێنییدا
بەناو کۆلانەکانی جەستەدا گوزەر دەکا
هەندێک لەوان دەبنە درەخت
لە باخچەیەکی دوور
شەونمی گومان لەسەر گەڵاکانیان دەنیشێ
ئاسمان دەکەنە کەپرێکی پڕئەستێرە
لەژێریدا سەما دەکەن
لێوی با ماچ دەکەن

تێر تێر باران لەئامێز دەگرن
کە ئێوارەش دادێ
تریفە دەدەن و
لە ڕەحمییاندا مانگ هەڵدێ



# من و خودا



خودا منداڵێکە
تاک و تەرا
بێ لانە
لانەواز
پێویستی بە منی ژن هەیە
لە ئامێزی بگرم
بیلاوێنمەوە
دەستی بەسەردابێنم
باوەشی بۆ بکەمەوە

لەودیوی مەرگ
دەشێ ئەو باوەشمان بۆ بکاتەوە و
ببینەوە بە یەک

# من ئەویترە

سوپاس بۆ ئارتور ڕامبۆ

# مەنفا[5]

له کۆتایی سەفەرێکی سارد
سەرەتای وەرزی دابڕان
من گەیشتمە دوورگەیەکی غەمناک
پڕ لە هێڵی تەم
ڕەنگی لێڵ و
دەنگی تاریک
لە یەکەمین شەودا
پاسپۆرتە مزەوەرەکەم دڕاند
ئەو خودە خۆڵەمێشییەم شکاند
کە لە ڕێگاکان یاوەرم بوو

---

٥ ـ ئەم شیعرەم سەرەتا بە ئینگلیزی نووسیوە، ساڵی ٢٠٠٦ لە دیوانی Bells of Speech (Ambit, London, 2006) بڵاو کردۆتەوە.

لە خاڵەکانی پشکنین لە جیاتیم دەدوا
ئەو نیشتمانە وەهمییەم ناشت و
بۆ بوونێکی حەقیقی گریام
کە جارانی من بوو
ئێستا تەنیا
لە سەر گردەکانی ڕابردوو هەناسە دەدا

سەرەتای وەرزێکی تاریک
کۆتایی سەفەرێکی سارد
من گەیشتمە شارێکی دوور

لە کۆڵانە نیگەرانەکان دەخولامەوە
دەگەڕام و
بەدوای دەنگێکدا وێڵ بووم
کە سەرگەردانیی نەتەوەیەک بەیاد بکا
لە ئاوێنەیەک دەگەڕام
کە سەرتاپای بوونم نەخش بکا
ئێستا من ئەویترە



# شەوانی ڕۆح

تۆ ئەویترە
ڕۆبۆتیك
خۆی ڕادەستی باهۆزێک دەکا
کە لە تەنیشتمان هەڵدەکا
پێکەوە شاگەشگە دەبین
بەناو شەو دەکەوین
تا سەر باڵی شینی هەوەس
بێباک بەرامبەر
ڕۆحی پەژموردە
کە لە پشت واڵەکانی ڤیرچوال
گیان دەدا



## کۆرسێک بۆ زمانی درەخت

بیری درەخت دەکەم
کە وانەی تەنیاییم پێ دەڵێ

بیری درەخت دەکەم
کە گوێ لە وڕێنەکانم دەگرێ

بیری درەخت دەکەم
کە بە زمانی وەنەوشەیی دەدوێ
ماچی عاشقان
لە چاوی بەدکار دەپارێزێ

بیری درەخت دەکەم
کاتێ یاخی دەبێ
هەڵیدەپاچن و
ئەو ناشکێ

بیری درەخت دەکەم
کە هەمیشە لەسەرپێ
لە ڕووی کرێوە
گڕی هەتاو
زریان
پێدەکەنێ

درەخت کە بەردی تێدەگرن
ئەو ناچەمێ
لەسەرپێ
پرچی پەخشان دەکا و
لەگەڵ خۆر دەدوێ
درەخت
تیشک لە ناویا وازی دەکا

بەفر تارای بەسەردا دەدا
مژ سەرکوڵمەی ماچ دەکا
درەخت داوەتمان دەکا
بۆ جەژن
با- لەگەڵیا گۆرانی دەڵێ
دایکم شینی لەژێر دەگێڕێ
بیری درەخت دەکەم
کە منداڵی دڵشکاو هانای بۆ دەبا و
ئەو دەیلاوێنێتەوە
درەخت کە بێگانەی دەرکراو
خۆی لە ژێریا حەشار دەدا و
ئەو دەیحەوێنێتەوە
درەخت کە دەستەکانی وەک پەناگا
بۆ شاربەدەرکراوان دەکاتەوە
درەخت وشەیە
لە ئینشای دارستاندا
وانەی گەردوونە

من و تۆ

لە دەوری یەکەم و کۆتایی ساڵی تەمەندا

لێی کەوتووین



# گوێ لە بەرد دەگرم
# چیرۆک دەگێڕێتەوە

ڕەشەبایەک هەڵیکرد
وەک داس و تەورداس
پەنجەکانی باخچەی بڕی
زمانی درەختی قرتاند
پرچی کەسکایی هەڵپاچی
پێستی نیشتمانی داماڵی
گەرووی ڕووباری گرت
ئاسمانی لەگۆ خست
ئینجا ئێمە کەوتین، هاوڕێم

وەک بەردێک

من پەڕیم و

خۆم لە تەوەری باکوور بینییەوە

با گوێ لە بەرد بگرین، هاوڕێم

بەرد چیرۆک دەگێڕێتەوە

یادداشتی کەوتن و

زەروورەتی هەڵسانەوە

دەنووسێتەوە

ئینجا بەرد هاتە گۆ
من لە تەوەری باکوور وەستاوم
پێیەکانم توند لە زەوی گیر کردووە
پرچم تاڵە تیشک
ڕۆژێ دەبم بە پەلکەزێڕینە
نیگام تیژ
وەک هەورە تریشقە
خەریکە دەبم بە لێزمە باران
دەستەکانم دەمارێکی شین
هێڵێکی باریک
لەوانەیە ببم بە دەریا
سینگم پانتاییەکی سپی
ئەلف و بێی سەوزایی دەناسێ
لەوانەیە ڕۆژێک ببم بە دارستان


بەرد حیکایەتخوانە و

بەردەوام دەدوێ

با گوێ لە بەرد بگرین، هاوڕێم

چیرۆکی ئێمە

حەقیقەتی کەوتن و هەڵسانەوە دەگێڕێتەوە



# ڕووبار گۆرانی دەڵێ

ڕووبار مۆسیقا دەژەنێ
چریکە و قاقا
گۆرانییەک بە سەدان ئاواز دەچڕێ
با بە نەرمی گوێ بگرین، هاوڕێم
ئاو بە ڕوونی
هەموو شتێک دەڵێ
بە بێدەنگی

دەربارەی بوون

دەربارەی نەبوون

دەربارەی من و تۆ دەدوێ

من دەبمە یەک لەگەڵ ئاو

ئاو نزا دەکا

لە ناخی هەموومان ڕووبارێک سەردەکا

با گوێ بگرین، هاوڕێم

ئاو سەرگوزەشتەی گۆی زەوی بەیاد دەکا

# نابووتیی توێژینەوەکان

لە کامپی ئاوارەکان
وتیان توێژینەوە بکەن لە ئەزموونی منداڵەکان
بە کۆڵێ پرسیار
خۆم بینییەوە لە ناو کوورەی ئازار
ژوور بەژوور گەڕام
برینەکانم دواند
زامەکان پەمەیی
چیرۆکەکان خوێنیان لەبەر دەڕۆی
لە نیگای دایکەکان
شەرم دایگرتم
چاوم داگرت و ڕۆیشتم
پڕۆپۆزەڵەکەم دڕاند
ڕیکۆردەرەکەم شکاند

سەرم لەناو هەردوو دەستم
توند هەڵهاتم
کەوڵی ئاهەکان لەسەر شانم
کە هاتمە دەر من ئەوی دیکە بووم



# من عاشقم، کەواتە هەم

«من بیردەکەمەوە، کەواتە هەم»
دێکارت وای وت

منیش پەنجەرەی پرسیار دەکەم واڵا
شنەبایەک دەمبا
تا ئاستی دڵ
تەزوویەک بە جەستەمدا دێ
بەرەو لای ڕۆح پەلکێشم دەکا
وزەیەک
لە ناخمدا فوارە دەکا
پەنهان
بێپایان
بەرەو ئەودیو
بەرەو نادیاریی ئەو فراژووم دەکا

ئینجا خۆم لە پانتاییەکی شین دەدۆزمەوە
کە دەشێ خاڵی بەیەکگەیشتنی دڵ و هۆش
شتێک بەناوی هۆشمەندی بێ؟
بە دێکارت دەڵێم
با لە دەرباری ئەقڵی ڕووت دەرچین
پارچە لێکترازاوەکانمان
وەک پەزڵ پێکڤە گرێ بدەین و
لە کۆ-دا ببین بە یەک



# ئاوابوون



بەناو کێڵگەیەکدا هاتین
هاوڕێم
لەوانەیە ناوی ژیان بێ
لەگەڵ زەمەن
تیژ ڕۆیشتین
بەگژیەکدا هاتین
بووینە پرسیار
لە ناو ترس
لەبەر دەرگای عیشق
ویستمان وەڵام بدوێنین

گومان قسەی پێ بڕین
تارماییەک سڵاوی لێ کردین

لەو دیوی ڕێگا
تەنیا
لەناو تاریکی
بووینە خاڵێکی سپی و
ئاوابووین



# شیعر و شەو و شار

شار خەوتووە

پڕە لە خەون و خەم

ژنێک بە گریانی کۆرپەکەی بێدار دەبێتەوە

هەناسەی شەو و شار لە سنگی ئەودا دەلەرێتەوە

هەموو خەوتوون

ئەو بە دەستێک سەری کۆرپەکەی دەگرێ

بە دەستەکەی دیکەی قەلەمێ

مەمکی بە دەمی کۆرپەکەیەوە دەنێ


لە نووکی قەلەمەکەشیەوە پیت

نم نم لە سەر لاپەڕەکەی بەردەمی دەبارێ

لە دەرەوە باخچە خەون دەبینێ
مژ لە سەرشانی درەختەکان هەڵدەسێ
مەلێکی بنچکزەرد لە هێلانەکەی هەڵدەتروکێ
تریفەی مانگ لە ژێر سکی پەڵە هەورەکانەوە
قژی داربییەکان دادەهێنێ
گوڵێک چاوەکانی هەڵدەگلۆفێ
هەنگێک سەر بە ڕوومەتی پەڕەکانییەوە دەنێ
شەونمی یاقووتی لەسەر جەستەی شار دەنیشێ

کۆرپەکە چاوی لێکنا
شیعرێک چاوی هەڵهێنا

# زیندووم لەناو دڵۆپی باران



من هەورم

دادەبارم

لەناو دڵۆپی باران زیندووم

لەناو کلۆڤە بەفر سارد دەبمەوە

لەناو تەزرە چڕ دەبمەوە

لەناو هەڵم دەکرێمەوە

تیشک کۆم دەکاتەوە

با لە ئامێزم دەگرێ

ئینجا باڵ دەگرم

دۆنا و دۆن دەبم


من دەمرم

بەڵام لە یادەوریتاندا دەدرەوشێمەوە

# جەنگەکان درێژن

# دیسان جەنگ

له نیساندا
داربادوییەکەی شاخی مشکه شکۆفه دەکا
هەڵمێکی سپی له دۆڵەکان هەڵدەسێ
باخچەکەمان خۆی به پۆدرەی زێڕین ڕەنگڕێژ دەکا



جەنگاوەرەکه له خەو ڕابوو
که هەڵسا بیری چووبووەوه بۆ کوێ گوزەر دەکا
هێڵه سوورەکەی ناوچەوانی وشک ببوو
نەخشەی جەنگێکی کێشابوو
که دوێنێ له کەرکووک و مەهاباد
ئەمڕۆ له ئامەد و کۆبانێ
سبەی له ناو دڵی ئێمه هەڵدەگیرسێ

جەنگاوەر کەوت

فرمێسکەکانی وشە بوون

کە نەیتوانی بیاندرکێنێ

شەونم لەسەر پەڕەی گوڵەکان شین دەگێڕێ

# جەنگەکان درێژن

جەنگ تەواو بوو
کوڕەکان چەکەکانیان بەدەسماڵی سپی دەسڕنەوە
دەیکەن بە سەرین
کچەکان کراسە ڕەشەکانیان دادەماڵن
بەناو کێڵگەی سووری مینڕێژکراو
دەچن بۆ سەما

دایکم کیسەیەکی نایلۆن بەدەستەوە دەگرێ
لەگەڵ بێوەژنانی گەڕەک دەچنە نوگرەسەلمان
کاتێ بە ئێسک و پروسک و
ئەنگوستیلەی برا ئەنفالکراوەکەم دێتەوە
دراوسێکان ئیرەیی پێ دەبەن



جەنگەکان درێژن، هاوڕێم

تا ناو خانەکانی مێشک و

دەمارەکانی جەستە و

بەردەم پەنجەرەی دڵ ڕاکشاون

# کۆمەڵکوژی[٦]

زەمین جارێکی تر ڕابوو
بە ڕوخساری خوێناوییەوە
وەک کاتێدرال لە سارا هاتە سەرپێ
کەللەسەرێکی بڕاوی لەدەستدابوو

زەمین جارێکی تر ڕابوو
تا باسی کەسێ بکا
لە کاتی گوللەباراندا
زارۆکێ لە خەندەدا

زەمین جارێکی تر ڕابوو
تا باسی هاوارێ بکا
زریکەی کچێک
لە کاتی لاقەکردندا

---

٦ ـ ئەم شیعرەم لە ساڵی ٢٠٠٦ لە دیوانی **Bells of Speech** **(Ambit, London, 2006)** بڵاو کردۆتەوە.

زەمین جارێکی تر ڕابوو
تا باسی خودا بکا
سووتانی پیرێک
لە کاتی دوعاکردندا

زەمین جارێکی تر ڕابوو
تا باسی شیعرێ بکا
ئاوازی شاعیرێک
لە کاتی بڕینی زمانیدا

زەمین جارێکی تر ڕابوو
تا باسی بێدەنگی بکا
بێدەنگییەکی قورس
لە دەوری جەستەی گڕگرتووی نیشتماندا

# گەشتێک لەگەڵ هاوڕێ جووەکەم[7]

## سوپاس بۆ جەیمس فێنتۆن

پێشکەشە بە نیرا یوڤاڵ دەیڤیس
کە داوەتم کرد بۆ کوردستان، دوودڵ بوو
وتی «ناتوانم بێمە عێراق»،
چونکە لە تەلئەبیب لە دایکبووە
منیش وتم «ئێمە دەچینە کوردستان،
ئەگەرچی بە فەرمی ناوی نییە»

وەرە با پێکەوە بڕۆین، هاوڕێم
بەرەو خاکێک سەرهەڵگرین
نادیار
نا، لێم مەپرسەماڵت لە کوێیە
ئەم پرسیارە پڕ ئازارە

---

٧ ـ ئەم شیعرەم لە ئەنتۆلۆژیای شیعری بریتانی بەناوی **Project Boast** لە ساڵی ٢٠١٨ بڵاو بۆتەوە.
Edited by Rachel Bentham & Alyson Hallett



من نەمتوانی فرمێسکەکان بشارمەوە

کاتێ لە پاسپۆرتی پەنابەریم خوێندمەوە

شوناس: دیار نییە

وەرە با بڕۆین، هاوڕێم

وەرە با بڕۆین و سەردانەکەمان بکەین

ئێمە پێکەوەین لەم گەشتەدا

ئا من دڵم پڕە
توورەم لەو وشانەی پێناسەم دەکەن
لەو سیاسییانەی بوونم چوارچێوەڕێژ دەکەن
دان بەوەشدا دێنم
کە دڵم دەگری
بۆ بستێ خاک ئاخ هەڵدەکێشێ
کە نادیارە لە جوگرافیای سەردەم

وەرە با بڕۆین، هاوڕێم
وەرە با ئەو گەشتە بکەین
نە من باسی ئەنفال
نە تۆ باسی ئۆشڤیتز بکە
با خۆمان بەدوور بگرین
دەست لە سنوورەکان نەدەین
کاتێ دابەشمان دەکەن
ڕۆح لە جەستە دادەبڕێ
چی کۆمان بکاتەوە؟

چی دەتوانێ ئاشنامان بکاتەوە
بە جیهانێ
کە نکوڵی لە بوونمان دەکا؟
کێ دەتوانێ لە ئەلف و بێی ئازاری
من و تۆ تێ بگا؟
نا، تکایە با باسی جەنگ نەکەین
وەرە با بڕۆین سەردانەکە بکەین
ئێمە پێکەوەین لەم گەشتەدا



ئاساییە ئەگەر حەقیقەت نەدرکێنین؟
لە وێستگەی کۆنترۆڵی پاسپۆرت لە ئیستانبول
لە سەیتەرەکانی بەغدا و تاران
بێدەنگ بین؟

وەرە با بڕۆین، هاوڕێم
وەرە با سەردانی ئەو خاکە بکەین
ئێمە پێکەوەین لەم گەشتەدا
هاوڕێ فڕەنسییەکەم هاتە گۆ و
وتی ئەمە ئێگزاجێراسیۆنە [٨]
ئەو خۆی گێل دەکا
یا نازانێ
ئێمە بەندکراوین
بەندەی جوگرافیای قەدەرێ
کە بوونمان لە چوارچێوە دەگرێ

---

8- Exagération : موبالەغە

تۆ کێی؟ ئەو وتی
وتم، فەرامۆشی
ئەی لە کوێ لەدایک بوویت؟
وتم، لە خاکی نکوڵیکردن
تۆ جوو و من کورد، هاوڕێم
وەرە با بڕۆین

با سەری خۆمان هەڵگرین
بەرەو سەرزەمینێ
کە لەوانەیە ناوی قەدەر بێ

# ئاشتکردنەوە

سوپاس بۆ دەنکن فۆربس



سنووورە دەستکردەکان بسڕنەوە

شارەکان ئاشت بکەنەوە

دڵە شکاوەکان چاک بکەنەوە

پەیڤە وتراوەکان بگەڕێننەوە دەمی بێدەنگی

گرێکان بکەنەوە

کتێبە سووتاوەکان دەق بکەنەوە
خۆڵەمێشی چیاکان بۆ داربەڕوو بگەڕێننەوە
خانووە وێرانکراوەکان دروست بکەنەوە
ئاسمان لە ژەهر پاک بکەنەوە
عومەری خاوەر زیندوو بکەنەوە
زارۆکەکان بژیەننەوە
گۆڕە بەکۆمەڵەکان هەڵدەنەوە
ئێسک و پروسکی برا ئەنفالکراوەکەم
ڕادەستی دایکم بکەنەوە

ژنە ڕەشپۆشەکان بە ڕەنگ ئاشنا بکەنەوە
تفەنگەکان بێدەنگ بکەن
نیشتمان لە تەمی جەنگ بشۆنەوە
خۆڵ بکەنەوە بەرد و
گیانی بەبەردا بکەنەوە
لێ گەڕێن با من مێژووتان بنووسمەوە

# ڕاپەڕین



مرۆڤ خاڵە
لە ئەلف و بێی ئازادیدا
لە جەوهەری پیتێک دەگەڕێ
بەناویدا سەفەر بکا و
بگاتە وشە
لە ڕستەیەکدا بیهۆنێتەوە و
بگاتە مانا
لە ئاوازێکدا بیژەنێ و
بگاتە دەنگ
لە دەنگێکدا بزرنگێتەوە و
بگاتە ڕاپەڕین

ڕاپەڕینی ئێمە
لە ناخی وشەدا بوو
لە چرکەساتێکدا
کە کۆیلەین
ئارەزوو دەبێتە یاخیبوون
یاخیبوون دەبێتە بوێری
بوێری دەبێتە وشە و
وشە دەبێتە ئاواز و
لە ئامێزی هۆنراوەیەکدا
وەک سروود
بێدەنگی شەق دەکا

ئێمە بووینە دەنگ و

تەقینەوە

بۆ لەناوبردنی کەس نا

بەڵکو بۆ بوون

بۆ هەبوون

بۆ نووسینەوەی سەرگوزەشتەی ژنێک

کە لە پانتایی فەرامۆشیدا

تەنیا وشە

دەیهێنێتە گۆ

# یاریی ئاگرین[9]

شەو شاگەشکەیە
سەنتەری شار دۆڵێکە لە ڕۆشنایی
درەختەکان پڕن لە میوزیک
جاددەکان ڕووبارە مرۆڤن
سەما دەکەن، دەتریقێنەوە
لەناوەڕاستدا نافورەیەک بە پێوەیە
بە شانازییەوە لێوی با ماچ دەکا
تەماشای سەرسامیی مانگ و
زەردەخەنەی شەرمنانەی ئەستێرەکان
لە ئامێز دەگرێ

ئەوان بەردەوام سەما دەکەن
مەستانە گۆرانی دەڵێن

---

٩ ـ ئەم شیعرەم سەرەتا بە ئینگلیزی بڵاو کردۆتەوە (٢٠٠٦) دواتر بە فەڕەنسی (٢٠١٢).


لە ناکاو نیوەشەو
بە سەدای پرتەقاڵی دێ و
چیایەک لە هۆها ڕادەبێ
شریخەی یاریی ئاگرین
وەک هێڵی بورکانی دادەبارێ

ئەمە ١٤ ی تەمموزە
یادی شۆڕشی فڕەنسییە

لەولاتر

له سووچی ژوورێکی بچووک
من خۆم گرمۆڵه کردووه
چاوەکانم توند نوقاندووه و
هەڵدەلەرزم
هەردوو دەستم توند لەسەر گوێیەکانم داناوه
تا سەدای ڕابردوو نەبیسم
تا جەنگ له یادم زیندوو نەبێتەوه
لەگەڵ تەقینەوەی بۆمبەکان
که له کۆیه
بەسەر منداڵیمدا دادەبارین

# مەرگ



# خەونەکانی دایکم مردن

دایکم مرد
لەگەڵ ئەو خەونەکانیش مردن
خەونی ئەوەی منداڵ بێتەوە و
ڕێگەی لێ نەگرن
بچێتە مەکتەب
خەونی ئەوەی
دەرگای لەسەر دانەخەن
بچێتە کۆڵان و
لەگەڵ منداڵانی گەڕەک مۆرومۆریانێ بکا
خەونی ئەوەی
پیاوە قەڵەوەکەی دراوسێییان
بە نوقڵێ نەیباتە دەربار و
وازی بە خاڵی ئاڵی نێوان ڕانەکانی نەکا
خەونی ئەوەی

لە جەژندا کراسێکی نوێ لەبەربکا
بچێتە مەیدانی شار و
بە چەرخ وفەلەک دیلانێ بکا
خەونی ئەوەی
لە تەمەنی دوانزە ساڵی
تارای پێدانەدەن
وەک بووکەشووشە نەیڕازێننەوە
بۆ ناو باخەڵی پیرە پیاوێ
خەونی ئەوەی
لە سیانزە ساڵی
نەیکەنە بێوەژن
خەونی ئەوەی بە بێ ترس
کراسێکی سوور بپۆشێ و
قژی پەخشان بکا و
شەرەفی کەس نەتکێ
خەونیئەوەی
لەودیو سنووری کۆڵان
پیاسەیەک بکا

دونیا کەشف بکا
خەونی ئەوەی کە گەورە بوو
عاشق بێ و
شوو بە دڵدارەکەی بکا
خەونی ئەوەی جەنگ هەڵنەگیرسێ و
کوڕەکانی قووت نەدا
خەونی ئەوەی کچەکانی نەبنە سەبایا و
نەکەونە مەنفا
خەونی ئەوەی
لە ژوورەکەی تەنیا
لەسەر قەرەوێلەیەکی غەمگین
گیان نەدا

# ئەگەر دەمزانی ئەوە دواجارە دەتبینم
## دوای مەرگی دایکم ڕێحان



ئەگەر دەمزانی ئەوە دواجارە دەتبینم
لۆچی دەستەکانتم
دەکردە نەخشەی ژوورێکی شین
جێگایەکم لە پەلکی ڕێحان ڕادەخست
لە تەنیشتت دادەنیشتم و
بەدەم ختووکەدانی نیگاکانت
سەرم لە جاران دەدا

ئەگەر دەمزانی ئەوە دواجارە دەتبینم
دەمبردیە ژێر دارمێوی زەمەن
لە کەناری لێوەکانت
هێشووی خەمەکانتم دەچنییەوە
لەبەر بەرۆچکی هەناسەت
دەستم لە تەنی بوێری
لە تەنی تەنیاییت دەدا

ئەگەر دەمزانی ئەوە دواجارە دەتبینم
ژوورەکەتم پڕ دەکرد لە بخوری سۆز
دەستەکانتم لە سەر سنگم دادەنا و
بە فریشتەکانم دەوت هەناسەیەک بدەن و
شادە و ئیمانێک بێنن
پێم دەوتن سەربالّەکانیان شین بکەن و
شین شین سەوز بن لەبەردەم بەرمالّی چاوەکانت

ئەگەر دەمزانی ئەوە دواجارە دەتبینم
باڵندەکانی حەوشەم دەهێنایە حزورت
لەژێر باڵی هەور هێمای ژنێکمان دەنەخشاند
باڵای پڕ لە حیکایەت
لە لێکدانی باڵەکانیش
جووڵەی تۆم خەتم دەکرد
کاتێ بەناو قورئانی زەمەن
هێڵی ئاسۆت ڕام دەکرد

من لە قەڵشینی هەنارەکانی حەوشە تێنەگەیشتم
لە دارتاشەکەی سەر سووچی جاددە حاڵی نەبووم
کە بە مشار ناوقەدی درەختەکەی شەق کرد
لە تینی گڕ لەژێر چەکوشی ئاسنگەرەکان ڕامام و
نەمزانی لە سورایی لێدانی ئاسنەکان

تەمێکی چڕ شانەکانی شار دادەگرێ و
وەحشەتناکانە خۆی لە شیشەی پەنجەرەی ژوورەکەت
دەخشێنێ و
سەرەتاتکێ لەگەڵ ژنێک دەکا
کە لە نێوان ئاسمان و زەمین
لەسەر قەرەوێلەیەکی نیگەران دانیشتووە و
لە دیوارەکەی بەرامبەریدا
سیناریۆی ئەفسانەیەک دادەڕێژێ
لە نزیکی کۆتاییدا
ئینجا کە جوبرایل گەیشت
لە گرمەی ژێر پێیەکانی
بوومەلەرزەیەک ژیانی هەژاند


ترووسکاییەک هەڵچوو و لە هێمای کۆترێکی سپی
حەوت جار بەسەر شاردا سووڕایەوە و
حەوت جار باڵی لێکنا
حەوت جار کوکوختی کوکوختی
ئینجا لە ئاپۆڕەی شار ڕاما و
دوعایەکی خوێند
تەم شەقی برد و
خۆڵ ڕاچڵەکی
تۆش شکۆمەندانە
وەک بروسکە ڕژایە ناو شینایی ئاسمان و
وەک دایکە ڕێحان
ئاوا بوویت

# شینگێڕان

## بۆ کەڤینی جوانەمەرگ



له چیاكانی هەورامانەوە
بە پێ خاوسی
بەناخی ڕێگا ڕەشەکان
بەسەر بەردەڵان
بەناو دڕک و داڵ
بە قژی ئاڵۆزکاو
لێوی وشک و
پێستی قڵیشاو
بە ڕوخساری خۆڵاوی و
کراسێکی دڕاو
بێ ئامان
چاو لە ئاسۆ دەبڕم



ناوچەوانم زەرد هەڵدەگەڕێ
نینۆک لە کوڵمم گیر دەکەم
سەرم ژان دەیگرێ
سینگم خوێنی لێ دەتکێ
بێئاگا
هاوار دەکەم
دەچریکێنم
دەکەوم
هەڵدەستمەوە
نازانم لە کوێم
بەردەوام دەبم
تا مۆنت سانت میشێل دەڕۆم
ئەو شوێنەی کە کۆتایی وشکاییە

لەوێ هەتاو گڕی لێ هەڵدەسێ

زەریاکان لەژێر تیشکی خۆر دەدرەوشێنەوە

ڕۆشنایی لە ئاودا پێدەکەنێ

ڕوخسارت لە کەفی شەپۆڵەکان دەردەکەوێ

بەرەو لات ڕادەکەم

دەستێک لەناو لم دەڕوێ

پەلکێشم دەکا و

ناتگەمێ

لەبەردەم نادیاریی تۆ

دەکەومە سەرچۆک

بێهودە

کڕنووش دەبەم

لم و چەو هەڵدەکۆڵم

بەدوای پەنجە سووتاوەکانتدا دەگەڕێم

لەسەر تاشەبەردەکان هەڵدەزەلم
هەناسەم گڤڤەی دێ
دەنگم لە ئاودا نقوم دەبێ
جەستەم دەبێتە هێڵێکی باریک
لە نێوان وشکایی و تەڕایی سپی دەچمەوە
بای ئۆگوست بەسەرما هەڵدەکا
باڵندە ئاوییەکان باڵەفرکێ دەکەن
لەگەڵ شەپۆڵەکان شین دەگێڕم
هەڵدەکشێم
دادەکشێم
هەڵدەستمەوە

ڕوخسارت دێتەوە سەر ئاو
بانگم دەکەی
دەست درێژ دەکەم و تۆ ون دەبی
بەناو ئاو دەکەوم و
بەدواتدا دێم
پەرییەکان شینم لەگەڵ دەگێڕن
بێئاگا هەنگاو دەنێم
نە دەگەم بە قووڵاییەکان
نە بە بێدەنگیی تۆ
تاسەی دڵم بە ئەندازەی
ناخی ئۆقیانووسەکان قووڵە

# چی دەمێنێتەوە لەوانەی
# کە خۆشمان ویستن؟

دیسان بۆ کەڤین



تۆ تژی بوویت بە مۆسیقایەک
سەدایەکی باڵا
بوویت بە مانا
لە پانتایی سپیی نێوان وشەکانماندا

تۆ تژی بوویت بە ڕۆشناییەک
هێمایەکی هێمن
بوویت بە ئەستێرە
لە تاریکایی بوونماندا

که گەیشتییە وەرزی شین
تۆ داباری
تەلیسمی ئەستێرەیەکی ڕژاو
بوویت بە چرا
لەسەر خاکی ئەنگوستەچاوی ئێمەدا

چی دەمێنێتەوە لەوانەی کە دوێنێ لێرە بوون
ئەوانەی کە خۆشمان ویستن و
ئێستا لەژێر بەرد؟

# بێدەنگیت مۆسیقای ناخە

بێدەنگیی تۆ مۆسیقایە
جووڵەی جوانی
لە ناخی ئێمەدا هێمن دەبزوێ
بە ئارامی دەدوێ

بێدەنگیت مۆسیقایەکە
وەک نادیارییت دەردەکەوێ
وەک ئازار
ڕۆژانە بەرم دەکەوێ

# مردووەکان هەمیشە لەگەڵمانن

مردووەکان لێرە نین
بەڵام لەگەڵمانن
لە ناخمان هەناسە دەدەن
لە تەنیشتمان ڕێ دەکەن
درەختەکانی کۆڵان شێوەی ئەوان وەردەگرن
گەڕەک پڕ دەبێ لە تارمایی ئەوان
سەرم تژی لە جریوەی دەنگەکان
شتێک دژوار
وەک سەرزەنشت
وەک تووڕەیی
وەک ئازار
لە ناخم
هەڵدەکشێ، دادەکشێ
سێبەری هەنگێ
لەسەر پەڕەی گوڵ ڕوخساری ئەوان دەنوێنێ



پیاسەی پەپولەیەک ڕامان دەچڵەکێنێ
درەوشانەوەی تیشک لەسەر کلکی سمۆرەیەک
دەمانباتەوە لای ئەوان
مردووەکان دەمانبەنەوە لای یەکتر
لە ئامێزی گومان
دەبینە پرسیار
بەخۆماندا دەچینەوە
ئەلف و بێی نادیاریی دەنووسینەوە و
دەگەڕێینەوە لای تەنیایی
خۆمان دەخۆینەوە
لەگەڵ خۆمان شەڕ دەکەین
لەگەڵیان ڕادەکشێین
ئاشت دەبینەوە
لە تەنیشت مردووەکان بەردەوام دەڕۆین و
بە ژیانی ئاسایی ڕادێینەوە


# خۆڵەمێش


هاوڕێم
دوێنێ تەرمەکەتیان سووتاند
خۆڵەمێشی تۆ وا لە گۆزەیەکە
لە ژوور سەرمدا
خەون دەبینێ
هەناسە دەدا
بە چرپە پێم دەڵێ
غوبارە
هەمووی غوبارە ئەم بوونە
پێم دەڵێ چۆن بتدوێنم
فێرم دەکا چۆن جوانیت بگرم و
لە خانەکانمدا بیڕوێنم
ڕۆژێک گۆزەی خۆڵەمێشەکەت هەڵدەگرم
دەچینەوە نیشتمان، هاوڕێم
مشتێک بە دەم باوە
هەڵدەدەمە سەر سنگی سیروان

مشتێک دەخەمە سەر گۆنای چەمی وان
مشتێکیش دەهێنمەوە
دەیپڕژێنمە سەر ڕوخساری ڕووباری لواغ
کە تیایدا پێکەوە سەیری خۆمان کرد و
پێکەوە پێکەنین، گریاین
پێکەوە جوانیمان لە ئامێز گرت
ئنجا بووینە غوبار
دوا مشت لە خۆڵەمێشەکەت، هاوڕێم
هەڵدەگرم بۆ کوڕەکەم
تا بزانێ لە کوێوە هاتووە
لە کام نەسڵەوە
ڕژاوەتە ناو ڕووباری من
ئەم ئاوە ڕوونە

# تاکـبوون لەکۆـدا

مەمکم لەناو سنگی دایکایەتیی دەنوێ
کانییەک لەم وێرانەخاکە لەدایک دەبێ





تابووتە واقیع

شێوەژیانی ئەوان دەمخنکێنێ

دیوارەکان دەبڕم

تا سەر هەناسە بدا

دڵ بێتە گۆ و


ڕۆح

باڵ بگرێ




بێچووە باڵندە بووم
کە پەڕوباڵم لێ ڕووا
لە ئاسمانی ژنبووندا
ژیانم چوارچێوەڕێژ کرا


دڵ دەکەمەوە
تا سەرم دەق نەگرێ
چاو بدوێ و
نادیار دەرکەوێ



دڵێ کە عیشقی لێ بڕژێ

هەرگیز ڕق هەڵناگرێ






که لێژ دەبمەوە
ناوخۆم
من دەبم بە مۆسیقا
لەسەر ڕیتمی ڕۆژەکان
تەنیا
دەکەومە سەما




له قووڵاییەکانی خۆم

مەلە دەکەم

بناوی ئازادی لێ دەدەم



که سەر ئاسوودە دەبێ
جەستەم شێوەی
ڕووبار وەردەگرێ
دەستەکانم دەبن بە بەلەم
بەناو زیخ و چەوی ڕۆژگار
پڕ لە ئارامی
سەوڵی خۆشبەختی
لێ دەدەم



جوانی دەشێ تەزووە تیشکێک بێ
هەموو بەیانییەک
لە پەنجەرەی ژوورەکەم دەدا و
لەناو ئەم وێرانییە
زیندووم دەکاتەوە

که ڕووت وەرگێڕا

سەرت بوو بە بەرد و

بێباکانە هەنگاوت نا

ئەوەی کەوت

من نەبووم

بەڵکو جوانیی نێوانمان بوو



وەک حەلەزون دەچمەوە ناو خۆم

ورد دەڕوانم

بچووک دەڕۆم

سەرێک لە جاران دەدەم


منداڵیم لە سووچێک سەیرم دەکا


لە باوەشی دەگرم

کە ئاشت بووینەوە


ئینجا

بەتۆ دەگەم





نیشتمان
شادەمارەکانی خاکت
ئێسقانی براکانمە
ئاوازی سەردەم
سەردولکەی دایکمە





ڕووی قسە بکەمە کێ

کاتێ نیگا پێدەکەنێ و


چاو جوانتر دەدوێ؟

دێمەوە لات
لەگەڵ جارانی خۆم
ئاشت دەبمەوە
ئینجا لە قالبی تۆ دەردەچم
شێوەی خۆم وەردەگرمەوە







لەناو ئەم هەموو وێرانییە
بەرەو کوێ ئەی ڕۆح
سەرهەڵدەگری؟



ئەم هێڵانە
جەستەی ژنن
ڕووبارن
کیشوەری بێدەنگی دەبڕن
بەرەو بوون
لەدایکبوونێکی نوێ
دەکشێن




لەناو بیر-ی پاک
وشە باڵی لێ دەڕوێ
وتن باڵا دەکا
هێڵ و هێما
وەک با
بەرەو لای تۆم دەبا



دەست لەسەرچاوەکانت هەڵمەگرە

بە ترپەی دڵ


دەزانی من کێم



کاتێ دڵ دیل دەکرێ

سەر بێ ئامان دەبێ


حەقیقەت ڕیسوا دەکرێ



من ئاو بووم
بەخوڕ هاتم
کەنارەکان خیانەتیان لێ کردم



به دەوری خۆمدا دەسووڕێمەوە
تا پێیەکانم لە زەوی دەبنەوە
ئینجا سەر حاڵ دەیگرێ
لەناو دەستەکانم گوڵ دەڕوێ



بەرەو کوێم دەبەی
ئەی دڵ
لەم زەمەنە لێڵە؟




لێڵە
هێڵی نێوانمان
هەنگێک دەگەڕێ
بە باڵ ماڵی گوڵ دەدۆزێتەوە
من چاو دادەخەم و
بە ترپەی دڵ
ڕۆحی تۆ دەدۆزمەوە


هەموو بەیانییەک


سوجدە دەبەم بۆ دڵ

کە من لە دەستی ڕق دەپارێزێ



که خۆت لە چوارچێوەی ئەوان دەگری
سەر فێ دەیگرێ
جەستە دەژاکێ
بیر وێران و
دڵ بەخوڕ دەگری






که تۆ ون بوویت
من بووم بە تارماییەکی درێژ
سەرم بەرد و
دەستەکانم دوو هێڵی نابووت


دەچینە جەنگ

بەگژ ئایدیایەک دادەچین

ناویان ناوە دوژمن

ناحەزەکانیش لەناومان دێن و دەچن






ژنێکیان کوشت
کۆرپەی کۆنی ئەم خاکە
کۆڵانێکیان سەربڕی
دڵی جارانی ئەم شارە



تەنیا هێڵێکە ژیان


لەودیو سنوری مەرگ



که له تۆ دەڕوانم

لێژ دەبمەوە ناوخۆم

ڕوخساری خودا دەبینم



خۆرنشین لەوبەری دەریاوە
قژی شەپۆڵ دادەهێنێ
ئەمە شێوازی خۆرە
نۆتەکانی ئاو دەژەنێ

بەیانییەک

دەفڕم

وەک تیشک


دێمە بەر پەنجەرەی ڕەشبینیت

بە لێکدانی باڵەکانم

ئەلف و بێی هەڵسانەوە

لە بنمیچی ژوورەکەت

دەنووسمەوە



من و تۆ
که هاتین ڕووت بووین
بێباک لە چاوی ئەوان
بە ماچ
خۆمان داپۆشی





جوێن جودایی جیڕە جیڕی بێباکی
جمەی دێ جاددە لە هەڵماوی جەنگ

شار بە هەنسکدانەوە وای وت

لەسەر کەپری ناو ڕەزان
لە تەنیشت تریفەی مانگ ڕادەکشێم
بە وشە سکپڕ دەبم
مەلۆتکەی شیعر دەخەمە
ناو کۆشی ژیان



# ناخی من مەملەکەتە



ناخی من مەملەکەتێکە
شاژنێک لەسەر عەرشی فەزیلەت
من ئازادبووم لە حوکمی ئەوانیتر
لە چاوەڕوانییەکانی خەڵک
من ئازاد بووم
لە قورسایی سەنگی دوای وێرانبوون

ناخی من مەملەکەتێکە
فەزایەك بۆ ئارامی
شوێنێکی گەرم لەناو خود
سەکۆیەک بۆ جوانی
یەکێ بۆ ناتەبایی
سەکۆیەک بۆ چاکەخوازی
یەکێ بۆ گوناهی پەمەیی
سەکۆیەک بۆ سێبەر
یەکێ بۆ ڕۆشنایی
ناخی من مەملەکەتێکە لە ئازادی

NÛSYAR

# زنجیرە چاپکراوەکانی نووسیار

١. جەنگاوەرەکان پیشەیان مردنە (شیعر) ئالان پەری
٢. گەردوننامە (شیعر) پێشەوا کاکەیی
٣. قەوزەیەکی دیکەی فاشیزم (فەلسەفە) ئیسماعل حەمەئەمین
٤. خودنووسینەوەی ژنان (گێڕانەوە) هۆزان مەحمود
٥. چێژی گێڕانەوە (دیدار) شاخەوان سدیق
٦. شاعیرەکان ـ پایک مالینۆڤسکی (شیعر) و.ئالان پەری
٧. چێژی نووسین (دیدار) شاخەوان سدیق
٨. کەوتنەخوارەوەی مەراق(شیعر) سەردار نۆڕێ
٩. گەڕیدەی بێهاودەم (شیعر) دیلان قادر
١٠. ڕۆژێک لەو ساڵانە هەڵدەگرم (ڕۆمان) ئارام محەمەد
١١. مردن لە پێناو ئایدیاکاندا (فەلسەفە) کۆستیکا براداتان و. نەبەز سەمەد
١٢. بارکۆد (شیعر) ئەرسەلان چەڵەبی
١٣. دەرگای بەختەوەری ڕووی لە دەرەوەیە–فەلسەفەی سۆرن کیەکەگۆرد (فەلسەفە) و. ئالان پەری
١٤. زمان پاسکیلێکی شکاو لێدەخوڕێت (ڕۆمان) ڕێبین خدر
١٥. شقارتە (شیعر) نەورەس محەمەد (براوەی خەڵاتی نووسیار بۆ کتێبی یەکەم ٢٠٢٠)

١٦. ژاوەژاو (چیرۆک) جێگر بەختیار (براوەی خەڵاتی نووسیار بۆ کتێبی یەکەم ٢٠٢٠)
١٧. بەرەو ڕێگەی درەوشانەوە (ڕۆمان) کیاکسار ئەحمەد (براوەی خەڵاتی نووسیار بۆ کتێبی یەکەم ٢٠٢٠)
١٨. مرۆڤی هەرزان (ڕۆمان) گۆران سەباح
١٩. ئەگەر مردن شتێکی بردوویت بۆی بگەڕێنەوە (گێڕانەوە) نایا مارییا ئایت. و. لە دانیمارکییەوە: ئالان پەری
٢٠. نەمرەڕێ (چامە-کتێب) پێشەوا کاکەیی
٢١. پەیامبەرێک کە خوداکەی ئەوی لە خۆی تاراندبوو (شیعر) ڕەزا بەراهەنی. و. لە فارسییەوە: شنە نووری و زاری
٢٢. کێڵگەی بەتاڵ (شیعر) سروشت نەوزاد (براوەی خەڵاتی نووسیار بۆ کتێبی یەکەم ٢٠٢١)
٢٣. لا یۆرۆنا (چیرۆک) کامۆ ئاراز (براوەی خەڵاتی نووسیار بۆ کتێبی یەکەم ٢٠٢١)
٢٤. مەرگی نادیار (ڕۆمان) ڕەوا زەیدان (براوەی خەڵاتی نووسیار بۆ کتێبی یەکەم ٢٠٢١)
٢٥. شیعر بۆ ترسنۆکەکان نییە (شیعر) نیلس هاو. وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە: ئالان پەری
٢٦. بەرەواژ (شیعر) نارین ڕۆستەم
٢٧. زمانم دەکێشمەوە (شیعر) دیار سۆفی
٢٨. فەرهەنگەپیاو (چیرۆک) حەسەن بەلاسم. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: زانیار عەلی
٢٩. ئەو هاوارەی نەبیسترا (ڕۆمان) ئارام محەمەد
٣٠. جەنابی تۆ ئیزنم هەیە بە دەم باوە شتێ بڵێین!؟ (شیعر) گوڵاڵە دروودیان
٣١. شەوانی فرانکشتاین (نۆڤلێت) عومەر سەید

٣٢. قوژبن (شیعر) سۆران محەمەدە سوورە (براوەی خەڵاتی نووسیار بۆ کتێبی یەکەم ٢٠٢٢)
٣٣. هێزی بیرکردنەوە (دەروونناسیی) پۆلا سەعید
٣٤. بۆنسای (ڕۆمان) کیرستن تۆروپ. وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە: ئالان پەری
٣٥. گۆڕستانی سەگەکان (ڕۆمان) کارۆ حسێن
٣٦. گوێ بۆ دەنگم ڕادێرە (ڕۆمان) سووزانا تامارۆ وەرگێڕانی لە ئیتاڵییەوە: محەمەد بادین
٣٧. بەرەو کەنار (شانۆنامە) دانا ڕەئووف
٣٨. شاعیرەکان دڵستەمدیدەن (شیعر) داستان بەرزان
٣٩. مۆرسۆ دژە لێکۆڵینەوە (ڕۆمان) کەمال داود. وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: سەلاحەدین بایەزیدی
٤٠. پیاوی ناو تاریکی (ڕۆمان) پۆڵ ئۆستەر. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: کامۆ ئاراز
٤١. وێژان ـ سیانەی وتووێژی شیعری (دیدار) ئامادەکردن و سازدانی: ئارام حاجی
٤٢. ئاژاوەی بێدەنگ (شیعر) (براوەی خەڵاتی نووسیار بۆ کتێبی یەکەم ٢٠٢٣)
٤٣. شووشەیی مانگ جوڵەی سێبەر (هایکو) تۆرڤاڵد بێرتلسن. وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە: ئالان پەری
٤٤. ڕۆژێک دادێ تۆ دەبیتە شۆڕەبی (شیعر) نەزەند بەگیخانی